هێندە تاوانێکی گەورەیە وبەسە لەسەر مرۆڤ ئەگەر خۆی بگرێتەوە (لە خەرجکردن) لەسەر ئەوانەی کە دەبێت پێداویستیەکانیان جێبەجێ بکات

لە خەیسەمەوە دەڵێت: دانیشتبووین لەگەڵ عبد اللەی کوڕی عەمرو، کاتێک سەرپەرشتیاری خەزێنەکانی هاتە ژوورەوە، (عبد الله) ووتی: ئایا خواردن وپێداویستیەکانت بەخشی بە بەندەکان -کۆیلەکان-؟، ووتی: نەخێر، (عبد الله) ووتی: بڕۆ پێیان ببەخشە، ووتی: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هێندە تاوانێکی گەورەیە وبەسە لەسەر مرۆڤ ئەگەر خۆی بگرێتەوە (لە خەرجکردن) لەسەر ئەوانەی کە دەبێت پێداویستیەکانیان جێبەجێ بکات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا عبد اللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- مەزنی ئەرکی سەرشان وبەرپرسیارێتی مرۆڤ ڕوونەدەکاتەوە بەرامبەر ئەوانەی کە ئەرکە لەسەری خەرجی وپێداویستیان بۆ دابین بکات، وکاتێک عبد الله زانی کە سەرپەرشتیاری خەزێنەکانی هێشتا خەرجی وپێویستیەکانی نەبەخشیووە بە بەندەکان -کۆیلەکان-، فەرمانی پێیکرد کە دەستبەجێ پێداویستیەکانیان جێبەجێ بکات، پاشان ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری گێڕایەوە -صلى الله عليه وسلم- کە ماناکەی ئەوەیە: ئەگەر مرۆڤ کەمتەرخەم بێت وگرنگی نەدات بە خەرجکردن لەسەر ئەوانەی لە ژێر دەستیدان وبەرپرسیارە بەرامبەریان وئەرکە لەسەری پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکات؛ لەکاتێدا توانای هەیە ودەستی بگرێتەوە ئەوا ئەمە گەورەترین هۆکارە بۆ ئەوەی ئەو کەسە تووشی تاوان بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58183